# گاندی
# پەیامبەری ئاشتی

بەشی سێیەم و کۆتایی

دانانی سیناریۆ: ب. مارشۆن
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: وەلید سەلیبی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێروان خدر
پێداچوونەوە: کەریم کاکە

ناونیشانی کتێب: گاندی پەیامبەری ئاشتی
سیناریۆ: ب. مارشۆن
وێنەکان: لیۆ
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: وەلید سەلیبی
بۆ کوردی: شێروان خدر
پێداچوونەوە: کەریم کاکە

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە لەلایەن سەنتەری مەسەللە

پێشەکی:

ئەم کتێبە کە لە شێوەدا سیناریۆی گێڕانەوەی ژیانی (مەهاتما گاندی) کە رابەری بزووتنەوەی ناتوندوتیژی بوو لە هیندستان، بەبۆنەی یادی ئەم پیاوە مەزنەوە سەنتەری مەسەللە هەڵسا بە وەرگرتنی ئیمتیازی ئەم کتێبە لە (حرکە حقوق الناس)ی لوبنانی بۆ ئەوەی لەم پێناوەدا فەرهەنگی ناتوندوتیژی ببێ بە بەشێک لە کەلتووری مرۆڤی کوردیو ببێ بە بڕوایەک مرۆڤی کوردی لە جیاتی پەنابردنە بەر یەکلاکردنەوەی هێز لە ڕێگایەکی نەرم و نیانی مرۆڤدۆستانەو برایانەو دان بەیەکتر دابنرێ سەرباری بوونی جیاوازییەکان.
بەباشمان زانی وەک ڕێکخراوی مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان ئەم سیناریۆیە پێشکەش بە مرۆڤی کورد بکەین، ڕێزلێنانێکیشە لە مەزنی بیروڕاکانی گاندی، هیواداریین لەم ڕێگایەوە کورتەی ژیان و بیروڕاکانیمان بە خوێنەرانی کوردی ئاشنا بکەین.

سەنتەری مەسەللە
بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان – هەولێر


له ئاداری 1919 ....
((لەبێناو دانانی
سنوورێك بۆ گێرەشێوێنی كە تیرۆریستە هیندییەكان دەینێنەوە، كە بەرپرسیارن لە هەڵكوتانە سەر، تاڵان و دزی، دژ بە هاوڵاتیانی ئینگلیز. یاساكانی راولی نوێ هەموو كۆبوونەوەیەكی سیاسی قەدەغە دەكات)).
یاساكانی راول كۆبوونەوەی سیاسی قەدەغە دەكات
گاندی بەهەڵەداچووی كاتێك باوەڕت بە ئینگلیز كرد.
لە كاتی جەنگی یەكەمی جیهانی رازی بووین یارمەتیان بدەین. هەڵساین بەناردنی هەزارەها سەربازی هیندی بۆ ئەوروپا. لەبەرامبەردا بەتەفرەیان بردین لە دەستبەرداربوونیان لە هەندێ بەرپرسیاری سیاسی. كەواتە لە هەر ئازادییەك مەحروممان دەكەن!
چۆن بەربەرچی ئەم یاسایە بدەینەوە؟
دوێنێ شەو كاتێ خەونم دەبینی، بیرۆكەی رێكخستنی ((هارتال))م بۆهات.
واتە بە رۆژ پاككبوونەوەو بەڕۆژووبوون و نوێژكردن، هەموو هیندۆسەكان و موسڵمانەكان لەكار بوەستن !
بیرۆكەی گاندی بە گەرمییەوە لەلایەن گەلی هیندستانەوە جێبەجێكرا، هەروەها لە هەموو شارەكان (هارتالەكان) رێكخران. بەڵام لە 13ی نیسان لە ئەمریستار.....
كۆبوونەوەی گشتی قەدەغەیە! ئێستا بۆیان دەسەلمێنین كە چەند زەرەمەند دەبن لە پێشێلكردنی فەرمانەكانمان!
١٧


تەق! تەق! تەق! تەق!
سەربازەکان! ئامادەبن...
تەقە بکەن!
هەموو دەروازەکان داخراون!
دوای دە دەقیقەی درێژخایەن...
تەقە بکەن! تەقە بکەن!
ژەنەڕاڵ... فیشەکمان تەواو بوو!
باشە! هیوادارم دەرسێکی باشیان وەرگرتبێ!
پاشان...
کارەساتە! لە هەندێ لە شارەکان (هارتال) بووە بە گۆمی خوێن! تەنها لە ئەمریستار 379 کوژراوو هەزار برینداد هەیە!
هەتا لە لەندەن حکومەتی ئینگلیز تووشی دڵەڕاوکێ بووە: لەوانەیە ژەنەڕاڵ دایەر، کە بەرپرسیارە لەو قەسابخانەیە، ڕەوانەی بەردەم دادگا دەکرێ!
لەمڕۆ بەدواوە چیدی ناتوانین باوەڕ بە ئینگلیز بکەین!...
١٨




(1) دهوتی: شەڕواڵێکی فراوانە لە یەک پارچە قوماش پێک دێت.


سەرباری بانگەوازەکانی گاندی دژ بە توندوتیژی. هەندێ جار کاری توندوتیژی روویدەدا، وەک چۆن لە شوباتی 1922 لە گوندی شورا- شوری روویدا...
پۆلیس تەقەی لە خۆپیشاندانەکەمان کرد
مەرگ بۆ پۆلیس!
ئەمجارە کەسیان دەربازیان نابێ!
بنکەی پۆلیس
جارێکی دیکە خوێن بەهەدەر دەدرێ... دەبێ تێکۆشانمان رابگرین...
لە 10ی ئاداردا...
بەڕێز گاندی، تۆ دەستبەسەریت!
وابزانم ئەوە باشترە.. ئەگەر من لە زینداندا بم، خەڵکەکە هێور دەبێتەوە.
تۆ تۆمەتباری بەوەی خەڵك دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیز هاندەدەی!
هیندی نوێ
بەڕێز دادوەر! توندترین سزام بدە ئەگەر پێتوایە من لە یاسایەکی دادوەرانە لام دابێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم یاسایە دادپەروەرانە نەبوو، دەبێ هەر ئێستا بەرم بدەیت و دەست لە کار بکێشیتەوە!
بەڵێ .. ئۆە ... من ناچارم بۆ ماوەی 6 ساڵ سزات بەسەردا بسەپێنم! بەهیوام حکومەت سزاکەت سووك بکات...
گاندی چوار ساڵی لە زینداندا بەسەربرد.. لەو ماوەیەدا توانی خۆی کۆبکاتەوەو بە خوێندنەوەو نووسین خەریک بێت..
لە ساڵی 1924 دا، نەشتەرگەری ریخۆلە کوێرەی بۆ کرا.
کاتێك کە چاکبوویتەوە دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ماڵ. تۆ ئازادیت!
وابزانم ئەگەری مردنم لە زیندان ئینگلیزەکانی تۆقاند. وڵات سەرتاپا یاخیبوونیان بەرامبەر رادەگەیاند!
٢٠